د. وریا عومەر ئەمین

# ڕێزمانی کاری زمانی کوردی

هەولێر
٢٠١٦

**Facebook**: Waria Omar Amin
**Email**: wariaamin@gmail.com
**Viber/ WhatsApp**: 07508171937
**Mobile**: 07508171937/ 07736767391
**Blogsite**: http://wariaomaramin.blogspot.com

# ڕێزمانی کاری
# زمانی کوردی

# ڕێزمانی کاری
# زمانی کوردی

د. وریا عومەر ئەمین

* ناوی کتێب: ڕێزمانی کاری زمانی کوردی.
* نووسەر: د. وریا عومەر ئەمین.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٣١٦).
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.
* تیراژ ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦٢٥)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر دووبارە چاپ بکرێتەوە و وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی.

# ناوەڕۆک

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| **بەشی یەکەم – کار لە ڕووی گەردانییەوە** | **٩** |
| شوێنی کار لە ڕستەی زمانی کوردیدا | ١١ |
| ڕەگی کار و یاساکانی وەرگرتنی | ١٣ |
| کار و راناوی لکاو | ١٥ |
| شوێنی ڕاناوی لکاو لە ناو داڕشتەی کاردا | ٢٤ |
| کاتەکانی کار | ٢٦ |
| کاتەکانی زمانی کوردی | ٢٩ |
| نیشانەکانی کات و ئەسپێکت | ٣٠ |
| بەردەوامی تەواو | ٣٢ |
| کاری داخوازی | ٣٣ |
| تێپەڕ و تێنەپەڕ | ٣٥ |
| کاری بکەر نادیار | ٣٨ |
| گۆڕانی ڕاناو لە بکەر نادیاردا | ٤٢ |
| کاری هەوەس | ٤٤ |
| کار لە ڕستەی مەرجیدا | ٤٥ |
| کار و پاشبەند | ٤٧ |
| نەرێی کار | ٥٠ |
| چەند کاری تایبەتی | ٥١ |
| **بەشی دووەم – کار لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە** | **٥٧** |
| پێکهاتەکانی کار لە ڕووی وشەسازییەوە | ٥٩ |
| ئەنجام | ٦١ |
| پەراوێزەکان | ٦٢ |
| ئەبستراکت | ٦٥ |

# پێشەکی

کار زاراوەییێکە لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا بەکار دێت ، هێمایە بۆ ئەو بەشە ئاخاوتنەی کە وشەکانی چەمکی کردەوەیێ دەگەیێنن ، کات و کەس و ژمارە و ئەسپێکتی دەچیتێ.

کار و یاساکانی دارشتنی و دەست نیشان کردنی پەیوەندییەکانی لە ئالۆزترین و کێشەدارترین رووەکانی رێزمانن. رادەی زانینی زمانێ و بە کارهێنانی بە رەوانی بەندە بە رادەی دەرك کردنی چۆنیەتی کارکردنی کار و پەیوەندییەکانی لە سیستەمی ئەو زمانەدا. رێزمان ئەو بەشەی زمانەوانییە کە یاسا چەسپیوەکانی زمان دەستنیشان دەکات. هەرگیز تخون لایەنە کێشەدارەکان ناکەوێت کە دەچنە بواری شیکردنەوەی زمانەوانی.

ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ خستنە رووی یاساکانی دارشتنی کار لە زمانی کوردیدا (خواروو). کارەکە بە پێی رێبازی گشتی هێنراوەتە ئەنجام ، بە خەستی لە دوو رووەوە یاساکانی کار دەسنیشان دەکرێن:

١ ــ لە رووی گەردانییەوە: **Inflectional**.

٢ ــ لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە **Derevational** .

ئەم کتێبە لە ساڵی 2005 دا پێشکەش بە ئەکادیمیای کوردی کرا ، رێك نەکەوت کاتی خۆی بە چاپ بگەیێنرێ . زۆر سوپاسی هونەرمەندی بەرێز (محمدزادە) دەکەم کە دەسنووسەکەی بۆ دۆزیمەوە. ئیستا دوای یانزە ساڵ دووبارە پێشکەش بە ئەکادیمیای کوردیی دەکەمەوە بۆ بە چاپ گەیاندنی.

وا نیاز بوو (فەرهەنگی کار لە زمانی کوردیدا) لە گەڵ ئەم باسەدا پێشکەش بکرێ بەڵام لە بەر ئالۆزی و فرە لایەنی و زۆریی ، بۆم تەواو نەکراوە. هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا بگەمە ئەنجام.

**وریا عومەر ئەمین**
**٧ ـ ٧ ـ ٢٠١٦**
**هەولێر**

# بەشی یەکەم
# کار لە ڕووی گەردانییەوە

# شوێنی کار لە ڕستەی زمانی کوردیدا[١]

(بکەر) و (بەرکار) و (کار) سێ بەشی بنجیی چەسپیوی Nucleus ڕستەن.

ڕیزبوون و پەیوەندییان لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

رستە ⟵ بکەر ـ بەرکار ـ کار

دەشێ کارەکە بە سەر دوو کەس یا شت بە دوو قۆناغی جیادا تێپەڕێ . ئەو ناوانەی هێمان بۆ قۆناغی دووەم بە بەرکاری ناڕاستەو خۆ (ب.ن) ناودەبرێن .

بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە پێشبەند (پ) لە ڕستەکە دەئاخنرێ و دوای بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەوێ.

پێشبەند (پ) و فرێزە ناوییەکە (ف.ن) فرێزێکی پێشبەندی پێك دەهێنن (ف.پ) :

فرێزی پێشبەندی ⟵ پێشبەند + فرێزی ناوی

**ف . پ ⟵ پ + ف ن**

لە بەر ئەوەی شروشتی کارەکە بریار دەدات کە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەرکەون بۆیە لە ڕووی پەیوەندیی واتایی و ڕێزمانییەوە هەموو دەکەونە خانەیێکەوە و پێکەوە و فرێزی کاری Phrase Verb پێك دەهێنن.

**فرێزی کاری ⟵ بەرکار راستەوخۆ + پێشبەند+ بەرکاری ناڕاستەوخۆ + کار**


**ف .ك ⟵ ف ن + ف .پ ـ ك**

یاسا سەرەکییەکانی ڕستەی زمانی کوردی بە سادەترین شێوەیدا بەم جۆرە یە:

**ڕستە ⟵ بکەر + بەرکار (١) + پێشبەند + بەرکاری (٢) + کار**

**ڕ ⟵ ف ن + ف ن + پێشبەند + ف ن + ك**

پەیوەندیی نێوان کار و بەشە چەسپیوەکانی تری ڕستە لەم درەختە هێلکارییەدا خراوەتە ڕوو.




**مۆڕفیمە مۆڕفۆلۆجی و گەردانییەكان وەك پێشگر و پاشگر لەگەڵ ڕەگی كاردا دەردەكەون.**

مۆڕفیمە گەردانییەكان Inflectional ئەركی ڕێزمانی جێبەجێ دەكەن.وەك (دە ـ ـە ـ ا ـ ێ ...) .

مۆڕفیمە مۆڕفۆلۆجییەكان Derevational كاری نوێ بۆ دەربڕینی واتای تر دادەڕێژن .وەك (هەڵ ـ دا ـ ڕا ...) .

## ڕەگی کار و یاساکانی وەرگرتنی (٢)

ڕێزمانی چاولێکەریی کوردی چاوگی کردۆتە سەرچاوە ، لێیەوە ڕەگی کار وەردەگیرێ. چاوگ بە (ن) کۆتایی دێت . پێش (ن) یێکێ لەم پێنج فۆنیمانە دەردەکەوێ ( ا ـ ت ـ د ـ وو ـ ی ) .

ڕەگی رابردوو : بە لابردنی (ن) ی چاووگ دەست دەکەوێ .

پرسین ـ ن ← پرسی

هێنان ـ ن ← هێنا

چاندن ـ ن ← چاند

بوون ـ ن ← بوو

خەوتن ـ ن ← خەوت

ڕەگی داهاتوو: لە ڕەگی رابردووەوە بەم پێڕەوە وەردەگیرێ:

**{١ – دوا فۆنیمی ڕەگی ڕابردوو لادەبرێ ..(/ ا / ی تێنەپەڕ و/ وو/ ی تێپەڕ نەبێ).**

**٢ – / ا/ ← / ێ / .... (لە چاووگە یائییەکاندا نەبێ) . }**

| جۆری چاووگ | | یاسا | نموونە | ڕەگی ڕابردوو | ڕەگی داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ا | تێپەڕ | ـ ا | کێلان | کێلا | کێل |
| | تێنەپەڕ | ا ← ێ | تۆران | تۆرا | تۆرێ |
| ت | تێپەڕ | ـ ت | پاڵاوتن | پاڵاوت | پاڵێو |
| | تێنەپەڕ | | خەوتن | خەوت | خەو |
| د | تێپەڕ | ـ د | بژاردن | بژارد | بژێر |
| | تێنەپەڕ | ا ← ێ | مردن | مرد | مر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وو | تێپەڕ | ——— | دروون | دروو | دروو |
| | تێنەپەڕ | – وو | بوون | بوو | بـ |
| ی | تێپەڕ | – ی | تاشین | تاشی | تاش |
| | تێنەپەڕ | | وەرین | وەری | وەر |

## ناوێزەکان

ئەم (٣٢) چاووگە ناوێزەن . هەر چاوگێك لەم لیستەیەدا نەبێت ڕەگە داهاتووەکەی بە یاساکان دەست دەکەوێ

| چاوگ | ڕەگی داهاتوو | چاوگ | ڕەگی داهاتوو | چاوگ | ڕەگی داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| بەستن | بەست/ بەس | ڕشتن | ڕێژ | کوشتن | کوژ |
| بردن | بە | ڕۆیشتن | ڕۆ | مان | مین / مێن |
| بیستن | بیست/بیس | سەندن | سێن / سەن | ناشتن | نێژ |
| پشکووتن | پشکوێ | ستان (هەڵ) | ست / س | نان | نێ |
| خستن | خە | چێشتن | چێژ | نوستن | نوو |
| خواردن | خۆ | گەستن | گەز | هاتن | ێ / هێ |
| خواستن | خواز | گەیشتن | گە | هاویشتن | هاوێژ/ هاوێ |
| دان | دە | گواستن | گوێز /گواز | هێشتن | هێڵ |
| دیتن | بین | گوتن | ڵێ | وتن | ڵێ |
| ژیان | ژی / ژیێ | کردن | کە | ویستن | ەوێ |
| ڕستن | ڕێس | کرۆشتن | کرۆژ | ....؟ | |

# کار و ڕاناوی لکاو(٣)

لە زمانی کوردیدا  کار لەگەڵ بکەردا  لە کەس و ژمارەدا ڕێك دەکەون. واتا بکەر لە چ کەس و ژمارەیێکدا بێت، کارەکە ڕاناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە  وەردەگرێت.  ڕاناوە جودا و لکاوەکان لەم خشتەیە  خراونەتە ڕوو:

| ژمارە | کەس | ڕاناوی جودا | ڕاناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ |
| تاك | ١ | من | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت | یت |
| | ٣ | ئەو | ی | × ـ ێت / ات |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین |
| | ٢ | ئێوە | تان | ن |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن |

**دەستەی (١)**، (م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان) ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات:

١ ـ  لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەر بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی   ڕێکەوتن  (بکەری) :

| بکەر | تێپەڕی ڕابردوو | ڕێکەوتن |
|---|---|---|
| من | کرد | م |
| تۆ | | ت |
| ئەو | | ی |
| ئێمە | | مان |
| ئێوە | | تان |
| ئەوان | | یان |

٢ ــ له گەڵ ڕابردووی ئەو كارە تێنەپەڕانەی به ناوه سروشتییەكان دادەڕێژرێن دەردەكەوێ بۆ بەجێ هێنانی ئەركی ڕێكەوتن (بكەری) :

| ڕێكەوتن | تێنەپەڕ ناوی سروشتی | بكەر |
| --- | --- | --- |
| م | | من |
| ت | | تۆ |
| ی | چریكاند | ئەو |
| مان | | ئێمه |
| تان | | ئێوه |
| یان | | ئەوان |

٣ ــ له گەڵ داهاتووی كاری له (**ویستن**)ەوه وەرگیراو دەردەكەوێ بۆ ئەركی (بكەری) :

| | | ڕێكەوتن بكەری | | بكەر |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| دەمەوێ | | م | | من |
| دەتەوێ | | ت | | تۆ |
| دەیەوێ | ـەوێ | ی | دە - | ئەو |
| دەمانەوێ | | مان | | ئێمه |
| دەتانەوێ | | تان | | ئێوه |
| دەیانەوێ | | یان | | ئەوان |

٤ ـ لەکەڵ کاتی داهاتووی تێپەڕدا وەك ئامرازی هەیی دەردەکەوێ:

| | **هەیی** | | | |
|---|---|---|---|---|
| | م | | خانووەکەی من | |
| | ت | | خانووەکەی تۆ | |
| ئەو خانووەکە | ی | دەفرۆشێت | خانووەکەی ئەو | دەفرۆشێت |
| | مان | | خانووەکەی ئێمە | |
| | تان | | خانووەکەی ئێوە | |
| | یان | | خانووەکەی ئەوان | |

٥ ـ لەکەڵ کاتی داهاتووی تێپەڕدا وەك بەرکار دەردەکەوێ :

| | **بەرکار** | |
|---|---|---|
| | م | |
| | ت | |
| دە ـ | ی | نێرێت |
| | مان | |
| | تان | |
| | یان | |

٦ ـ لەکەڵ داهاتووی تێپەڕدا وەك بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێ:

| | **بەرکاری ناڕاستەوخۆ** | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەو نامەکەکە | م | بۆ دەنێرێت | بۆ من | دەنێرێت |
| | ت | | بۆ تۆ | |
| | ی | | بۆ ئەو | |
| | مان | | بۆ ئێمە | |
| | تان | | بۆ ئێوە | |
| | یان | | بۆ ئەوان | |

٧ ـ لەگەڵ ناودا دەردەکەوێت وەك ئامرازی هەیی*.

| | | |
|---|---|---|
| برا | م | هات |
| | ت | |
| | ی | |
| | مان | |
| | تان | |
| | یان | |

**دەستەی دووەم : (م ــ یت ــ × / ێت/ ات ــ ین ــ ن ــ ن) ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات:**

١ ــ لەگەڵ کاری تێنەپەڕی رابردوو دا دەردەکەوێ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەری ڕستەدا . کەسی سێیەمی تاك هیچ نیشانەیێکی لە سیمادا بۆ ڕابردوو نییە (x) .

| بکەر | تێپەڕی ڕابردوو | ڕێکەوتن |
|---|---|---|
| من | **هات** | م |
| تۆ | | یت |
| ئەو | | ــ |
| ئێمە | | ین |
| ئێوە | | ن |
| ئەوان | | ن |

**٢ ــ لە گەڵ تێپەڕ داهاتوودا بۆ ئەرکی بکەری دەردەکەوێ:**

| بکەر | تێپەڕ | |
|---|---|---|
| من | دە ــ شۆ | م |
| تۆ | | یت |
| ئەو | | ات |
| ئێمە | | ین |
| ئێوە | | ن |
| ئەوان | | ن |

**٣ ـ لە گەڵ تێنەپەڕی داهاتوودا بۆ ئەرکی بکەری دەردەکەوێ:**

| بکەر | تێنەپەڕ | |
|---|---|---|
| من | | م |
| تۆ | | یت |
| ئەو | دەخەو | ێت |
| ئێمە | | ین |
| ئێوە | | ن |
| ئەوان | | ن |

تێبینی : (ت) ی کەسی دووەم و سێیەمی تاك دەشێ لابرێن (ئەگەر بزوێنی بە دوادا نەهات).

تۆ هاتیت / تۆ هات ـ ی (هاتی) ـــ (ت) لابرا

تۆ هاتیت ـ ە ئێرە ناشێ (ت) کە لابرێ

ئەو دەڕوات / ئەو دەڕوا ـــ (ت) لابرا

ئەو ئەو دەڕواتە ئەوێ ـــ (ت) ناشێ لابرێ

ب ـ کەسی سێیەمی تاك دوو قاڵبی هەیە (ێت / ات) : ئەگەر ڕەگی داهاتووی کارەکە بە (ۆ) یا بە (ـە) کۆتایی هاتبێ ڕاناوە لکاوەکە خۆی بە (ات) دەردەخات .

کە (ات) دەچێتە سەر ڕەگ (ۆ) دەبێتە (و - w) ی وەستاو consonant و (ـە) دەتوێتەوە.

ڕەگ: ۆ ⟵ و – w
ـە ⟵ x (دەتوێتەوە)
\+ ات

شوشتن / دە ـ شۆ + ات ⟵ دەشوات

بردن / دە ـ بە + ات ⟵ دەبات

ئەمە  ئەم هەشت کارە  دەگرێتەوە :

(دەبات ـ دەکات ـ دەخات ـ دەشوات ـ دەڕوات ـ دەخوات ـ دەگات ـ دەدات) لە گەڵ هەموو کارەکانی تردا شێوەی (ێت) دەگرێتە خۆ.

دەخەوێت ـ دەشکێنێت ـ دەچۆڕێت ـ دەپشکوێت ....هتد.

٤ ـ لەکەڵ کاتی ڕابردووی تێپەڕدا وەك بەرکار دەردەکەوێ :

| **بەرکار** | | **بکەر** | |
|---|---|---|---|
| م | | م | |
| یت / ی | | ت | |
| ـ | نارد | ی | |
| ین | | مان | دە - |
| ن | | تان | |
| ن | | یان | |

٥ ـ لەکەڵ داهاتووی تێپەڕدا وەك بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێ:

| | **بەرکاری ناڕاستەوخۆ** | |
|---|---|---|
| بۆ منی نارد | م | |
| بۆ تۆی نارد | یت / ی | |
| بۆ ئەوی نارد | ـ | ئەو نامەکەکەی بۆ نارد |
| بۆ ئێمەی نارد | ین | |
| بۆ ئێوەی نارد | ن | |
| بۆ ئەوانی نارد | ن | |

٦ ـ لەکەڵ کاتی ڕابردووی تێپەڕدا وەك ئامرازی هەیی دەردەکەوێ :

| | **هەیی** | |
|---|---|---|
| ئەو خانووەکەی فرۆشت | م | خانووەکەی منی فرۆشت |
| | یت / ی | خانووەکەی تۆی فرۆشت |
| | ـ | خانووەکەی ئەوی فرۆشت |
| | ین | خانووەکەی ئێمەی فرۆشت |
| | ن | خانووەکەی ئێوەی فرۆشت |
| | ن | خانووەکەی ئەوانی فرۆشت |

٧ ـ لەگەڵ ناو ئاوەڵناودا لە ڕستەی ناویدا دەردەکەوێ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن.

| | | |
|---|---|---|
| من | جوتیار<br>تینوو | م |
| تۆ | | یت / ی |
| ئەو | | (ـە)* |
| ئێمە | | ین |
| ئێوە | | ن |
| ئەوان | | ن |

ئەرکەکانی ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ کاردا لەم خشتەیەدا کۆکراونەتەوە:

| | ئەرکەکانی دەستەی ١<br>(م - ت - ی - مان - تان - یان) | ئەرکەکانی دەستەی ٢<br>(م - یت - ێت/ ات - ین - ن - ن) |
|---|---|---|
| ١ | بکەری ڕابردووی تپێپەڕ | بکەری تێنەپەڕی ڕابردوو |
| ٢ | بکەری ڕابردووی تپێنەپەڕی<br>ناوی سروشتی | بکەری تێپەڕی داهاتوودا |
| ٣ | بکەری داهاتووی (ویستن) | بکەری تێنەپەڕی داهاتوودا |
| ٤ | هەیی لەکەڵ داهاتووی تێپەڕدا | بەرکاری ڕابردووی تێپەڕ |
| ٥ | بەرکاری داهاتوو | بەرکاری ناڕاستەوخۆ داهاتووی |
| ٦ | بەرکاری ناڕاستەوخۆی داهاتوو | هەیی ڕابردووی تێپەڕ |
| ٧ | هەیی لەگەڵ ناودا * | ڕێکەوتن لە ڕستەی ناویدا* |

## شوێنی ڕاناوی لکاو لە ناو داڕشتەی کاردا[٤]

دەستەی (١) ، (م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان) بە ڕەگی کارەوە دەلکێ ئەگەر هیچ جۆرە پێشگرێکی لە گەڵدا دەرنەکەوت:

**ڕەگ ـ دەستە (١)**

ئێمە گرتـ + (مان) ـــــ / گرتمان/

تۆ نووسیـ ـ (ت) ـــــ / نووسیت /

ئەوان نارد ـ (یان) ـــــ / ناردیان /

ئەگەر کارەکە لێکدراو یا داڕێژراو بوو بە یەکەم بەش / پێشگرەوە دەلکێ:

ڕا ـ (مان ) ـ گرت ـــــ / ڕامانگرت/

**هەڵ** ـ (یان) ـ نە ـ دە ـ واسی ـــــ / **هەڵیاننەدەواسی**/

باس ـ ( تان ) ـ بـ ـ کرد ـ ایە ـــــ / باستانبکردایە/

دە ـ (ت) ـ شوشت ـــــ / دەتشوشت/

نە ـ (ی) ـ دە ـ نووسی ـــــ / نەیدەنووسی/

**دەستەی دووەم : (م ـ یت ـ × / ێت/ ات ـ ین ـ ن ـ ن) هەمیشە** وەک پاشگر بە ڕەگی کارەوە دەلکێ :

چوو ـ (یت) ـــــ / چوویت /

خەوت ـ (x) ـــــ (ئەو) /خەوت/

دە ـ چـ ـ (ین) ـــــ / دەچین /

نە دە ڕۆیشتـ ـ (ن) ـــــ / نەدەڕۆیشتن/

**هەڵ** ـ چوو ـ (ێت) ـــــ / **هەڵدەچێت** /

ڕا ـ نە ـ دە ـ وەستا ـ ن ـــــ / ڕانەدەوەستان/

خەم ـ دە ـ خۆ ـ (ات) ـــــ / خەم دەخوات/

**هەڵ** ـ نا ـ گرێـ ـ ( ێت) ـــــ / **هەڵناگرێت**/

کـه بـەرکار بـە ڕانـاوی لکـاو دەردەبـڕڕێ ، هــەر دوو جـۆر پێکــەوە لــەناو چوارچیوەی کارەکەدا دەردەکەون . وەك لە سەرەوە خرایە ڕوو دەستەی یەکـەم بە یەکەم پێشگرەوە و دەستەی دووەم بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێن:

**پێشگر – دەستەی (١) – ڕەگ – دەستەی (٢)**
**دە ـ (تان) ـ بین ـ ( ین) / دەتانبینین ـــــ ئێمە ئێوە دەبینین**
**ڕا ـ (یان) – گرت ـ بوو ـ یت / ڕایانگرتبوویت ـــــ ئەوان تۆیان ڕاگرتبوو**
**هەڵ ـ (ی) ـ نە ـ خەڵەتاند ـ (م) / هەڵینەخەڵەتاندم ـــــ ئەو منی هەڵنەخەڵەتاند**

**که هەردوو جۆر ڕاناو پێکەوە لە ناو قالبی کاردا دەردەکەون:**

ئەگەر ڕەگی کارەکە هیچ پێشگرێکی لەگەڵدا نەبوو (ئەمە تەنیا ڕابردوو ی سادە دەگرێتەوە) ئەوسا هەردوو جۆر ڕاناوەکە بەم ڕیزە بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێن :

ڕەگ ـ کۆمەلی (١) ـ کۆمەڵی (٢)
بینیـ ـ (مان) ـ ( یت) / بینیمانیت ـــ ئێمە تۆمان بینی
بینی ـ (یت) ـ (ین) / بینیتین ـــ تۆ ئێمەت بینی

ئەگەر بکەری ڕستەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا بێت ڕیز بوونەکە بەم جۆرە دەبێت:

ڕەگ ـ کۆمەڵی (٢) ـ کۆمەڵی (١)

( ئەو ئێوەی نارد) / نارد ـ ن ـ ی / ناردنی
(ئەو ئێمەی ناسی) ناسیـ ـ ین ـ ی / ناسینی

# کاتەکانی کار(٥)

## ١ – چەمك و واتای کاتەکان

| کات Tense | جۆر Aspect | چەمك و واتای کاتەکە |
|---|---|---|
| رابردوو Past | سادە Simple | ڕووی دا بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ ڕووداوێکی ترەوە هەبێ. |
| | بەردەوامی Continuous | لە کاتێکی دەست نیشان کراو لە ڕابردوودا لە ڕووداندا بوو. |
| | تەواو Perfect | ڕووی دا و بڕایەوە بەڵام تەئسیری مایە کاتێکی دەست نیشان کراو لە ڕابردوودا. |
| | مەرجی و خۆزگەیی Conditional | ڕووی بدایە ئەنجام جۆرێکی تر دەبوو. |
| داهاتوو Present | سادە Simple | لە ڕوودانایە یا لە کاتێکی داهاتوودا ڕوودەدات. |
| | تەواو Perfect | ڕووی دا و بڕایەوە بەڵام کاریگەریی مایە ئێستا. |
| | مەرجی سادە Simple Conditional | لەوانەیە ڕوو بدات. |
| | مەرجی تەواو Perfect Conditional | لەوانەیە ڕووی دابێ |

## ٢ ـ یاساکانی داڕشتنی کاتەکان

| کات | جۆر | یاسا | | نموونە |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردوو | سادە | ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو | تن | خەوت ـ یت / خەوتیت |
| | | | تپ | نووس ـ یت / نووسیت |
| | بەردەوامی | دە + ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو | تن | دە ـ خەوت ـ ین / دەخەوتین |
| | | | تپ | دە ـ مان ـ نووسی / دەماننووسی |
| | تەواو | ڕەگی ڕابردوو + بوو + ڕاناوی لکاو | تن | خەوت ـ بوو ـ ین / حەوتبووین |
| | | | تپ | نووسیـ ـ بوو ـ مان/ نووسیبوومان |
| | مەرجی و خۆزگەیی | (تپ) بـ + راناوی لکاو + رەگی رابردوو + ایە | تن | بـ ـ خەوت ـ ین ـ ایە/ بخەوتینایە |
| | | (تن) بـ + ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو + ایە | تپ | بـ ـ مان ـ کرد ـ ایە / بمانکردایە |
| داهاتوو | سادە | دە + ڕەگی داهاتوو + ڕاناوی لکاو | تن | دە ـ ڕۆ ـ م / دەڕۆم |
| | | | تپ | دە ـ خوێن ـ م / دەخوێنم |
| | تەواو* | ڕەگی ڕابردوو + وو + ڕاناوی لکاو + ـە<br>(ـە) تەنیا لەگەڵ (٣ت) ی (تن) دا دەرئەکەوێ | تن | هات ـ وو ـ ـە / هاتووە<br>هات ـ وو ـ ین |
| | | | تپ | ڕا ـ ی ـ گرتـ ـ وو ـ ە |
| | مەرجیی سادە | بـ + ڕەگی داهاتوو + ڕاناوی لکاو | تن | بـ ـ چـ ـ ن / بچن |
| | | | تپ | بـ ـ شکێن ـ ن / بشکێنن |
| | مەرجیی تەواو* | ڕەگی ڕابردوو + ب + ڕاناوی لکاو | تن | چوو ـ بـ ـ ێت / چووبێت |
| | | | تپ | خوێند ـ بـ ـ یان / خوێندبیان |

* تێبینی: لێرە ناوی کاتەکان بە پێی چەمکە سیمانتییەکانی زمانەوانیی گشتی دەسنیشان کراون.بۆیە:

١ ـ (ڕابردووی دوور) دەبێ (ڕابڕدووی تەواو) بێ.

٢ ـ هەندێ ڕێزمانەوانان (داهاتووی تەواو) و (داهاتووی مەرجیی تەواو) بە ڕابردوو دەژمێرن چونکە بە ڕەگی ڕابردوو دادەڕێژرێن. بە پێی چەمکە سیمانتییەکانی زمانەوانیی گشتی دەبێ (داهاتوو) بن نەك ڕابردوو.

## کاتەکانی زمانی کوردی لەم نەخشەیەدا خراوەنەتە ڕوو :

| کات Tense | جۆر Aspect | چەمك Concept | یاسا Rule | نموونە Example | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕابردوو Past | سادە Simple | ڕووی دا بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ ڕووداوێکی ترەوە هەبێ. | ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو | نووسی ـ مان | نووسیمان |
| | | | | خەوت ـ یت | خەوتیت |
| | بەردەوامی Continuous | لە کاتێکی دەست نیشان کراو لە ڕابردوودا لە ڕوودادا بوو. | دە + ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو | دە ـ مان ـ نووسی | دەماننووسی |
| | | | | دە ـ خەوت ـ ین | دەخەوتین |
| | تەواو Perfect | ڕووی دا و بڕایەوە بەڵام کاریگەریی مایە کاتێکی دەست نیشان کراو لە ڕابردوودا. | ڕەگی ڕابردوو + بوو + ڕاناوی لکاو | نووسی ـ بوو ـ م | نووسیبووم |
| | | | | خەوت ـ بوو ـ ین | خەوتبووین |
| | مەرجی و خۆزگەیی Conditional | ڕووی بدایە ئەنجام جۆرێکی تر دەبوو. | (تێپەڕ) بـ + ڕاناوی لکاو + ڕەگی ڕابردوو + ایە (تێنەپەڕ) بـ + ڕەگی ڕابردوو + ڕاناوی لکاوB + ایە | بـ ـ مان ـ نووسی ـ ایە | بماننووسیبایە |
| | | | | بـ ـ خەوت ـ ین ـ ایە | بخەوتینایە |
| داهاتوو Present | سادە Simple | لە ڕوودانادایە یا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە یا لە کاتێکی داهاتوودا ڕوودەدات. | دە + ڕەگی داهاتوو + ڕاناوی لکاو | دە ـ نووس ـ ین | دەنووسین |
| | | | | دە ـ خەو ـ ین | دەخەوین |
| | تەواو Perfect | ڕووی دا و بڕایەوە بەڵام کاریگەریی مایە ئێستا. | ڕەگی ڕابردوو + وو + ڕاناوی لکاو + ـە ( لە گەڵ تێنەپەڕدا تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا ـ ـە ـ دەردەکەوێ ) | نووسی ـ وو ـ مان ـ ە | نووسیومانە |
| | | | | خەوت ـ وو ـ ە | خەوتووە |
| | مەرجیی سادە Simple Conditional | لەوانەیە ڕوو بدات. | بـ + ڕەگی داهاتوو + ڕاناوی لکاو | بـ ـ نووس ـ ێت | بنووسێت |
| | | | | بـ ـ خەو ـ ین | بخەوین |
| | مەرجیی تەواو Conditional Perfect | لەوانەیە ڕووی دابێ. | ڕەگی ڕابردوو + ب + ڕاناوی لکاو | نووسی ـ ب ـ م | نووسیبم |
| | | | | خەوت ـ ب ـ ین | خەوتبین |

## نیشانەکانی کات و ئەسپێکت(٦)

بە شیکردنەوەی کاتەکان هەموو دەردەکەوێ کە :

### ١ ـ نیشانەکانی کاتی ڕابردوو ئەمانەن:

| | نیشانەکانی ڕابردوو | نموونە بۆ رابردوو | نموونە بۆ داهاتوو |
|---|---|---|---|
| ١ | ی | (ئەوان) دە ـ فڕ ـ (ی) ـ ن | دە ـ فڕ ـ ن |
| ٢ | ا | دە ـ ی ـ هێن ـ (ا) ـ ین | دە ـ هێن ـ ێت |
| | | دە ـ سووت ـ (ا) ـ م | دە ـ سووت ـ (ێ) ـ م |
| ٣ | د | دە ـ یان ـ خوێن ـ د | دە ـ خوێن ـ ن |
| ٤ | وو | دە ـ چ ـ وو ـ ین | دە ـ چ ـ ین |
| | | در ـ وو ـ ی | دە ـ در ـ وو ـ ێت |
| ٥ | ت | دە ـ کەو ـ ت ـ ین | دە ـ کەو ـ () ـ ین |

### ٢ـ نیشانەکانی کاتی داهاتوو ئەمانەن:

| | نیشانەکانی داهاتوو | نموونە بۆ داهاتوو | ڕابردووی بەرانبەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ێ | دە ـ بین ـ ر ـ)ێ(ـ ن | دە ـ بین ـ ر ـ (ا) ـ ن |
| ٢ | بێ نیشانە<br>unmarked | دە ـ کەو ـ () ـ ین | دە ـ کەو ـ (ت) ـ ین |
| ٣ | ـە | هەیـ (ـە) | هە ـ (بوو) |

### ٣ـ ئامرازەکانی ئەسپێکت ئەمانەن:

| | ئامرازەکانی ئەسپێکت | نموونە بۆ داهاتوو | ڕابردووی بەرانبەر |
|---|---|---|---|
| ١ | دە ـ | بەردەوامی | (دە) ـ خەوین / (دە) ـ خەوتین |
| ٢ | ـ بوو | ڕابردووی تەواو | خەوت ـ (بوو) ـ ین |
| ٣ | ـ وو + ـە | ئیستای ئەواو | خەوت ـ (وو ـ ـە) |

جۆرە کاتێکی تر هەیە کە لە Aspect دا لەوانەی سەرەوە جیاوازە. ئەم جۆرە کاتە بە یارمەتیی کاری لە (کەوتن) وەرگیراوەوە دادەڕێژرێ . هەموو کاتەکان دەچنە ناو کاری (کەوتن) . یاساکەی بەم جۆرەیە:

**کەوتن + راناوی لکاو + ـە + { چاوگی تێپەڕ}**

| | | |
|---|---|---|
| رابردوو | سادە | کەوتمە ئیشکردن |
| | بەردەوام | دەکەوتمە ئیشکردن |
| | تەواو | کەوتبوومە ئیشکردن |
| | مەرجی و خۆزگەیی | بکەوتمایە ئیشکردن |
| داهاتوو | سادە | دەکەو مە ئیشکردن |
| | تەواو | کەوتوومە(تە) ئیشکردن |
| | مەرجیی سادە | بکەومە ئیشکردن |
| | مەرجیی تەواو | کەوتبمە ئیشکردن |

## بەردەوامی تەواو perfect continuous

ئیستای تەواوی بەردەوام Present Perfect Continous: ڕوویدا و ئیستاش هەر بەردەوامە. ئەمەش یاسای داڕستنیەتی:

{ لە + چاوگ + دا + راناوی لکاو}

لە خوێندن + دا + (م – یت – ـە – ین – ن – ن)

ڕابردووی تەواوی بەردەوام Past Perfect Continous: لەکاتێکی ڕابردوودا ڕوویدا و بەردەوام بوو تا کاتێکی تری دوای ئەو لە ڕابردوودا.

لە + چاوگ + دا + ( بوو ) + راناوی لکاو

لە خوێندن + دا + بوو (م – یت – × – ین – ن – ن)

ئایندەی تەواوی بەردەوام Futur Perfect Continous: لە کاتێکی ئایندەدا ڕوو دەدات و بەردەوام دەبێت تا کاتێکی تری ئایندە.

لە + چاوگ + دا + (دە + بـ) + راناوی لکاو

لە خوێندن + دا + دەبـ (م – یت – ێت – ین – ن – ن)

| بکەر | ئەسپێکت | | | کات | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئیستا | ڕابردوو | ئاینده |
| من | | | | م | بوو - م | ده - ب - م |
| تۆ | | | | یت | بوو - یت | ده - ب - یت |
| ئەو | لە | خوێندن | دا | ـە | بوو - | ده - ب - ێت |
| ئێمە | | | | ین | بوو - ین | ده - ب - ین |
| ئێوه | | | | ن | بوو - ن | ده - ب - ن |
| ئەوان | | | | ن | بوو - ن | ده - ب - ن |

## كاری داخوازی[٧]

### یاسای داڕشتنی داخوازی

١ – ڕەگی ڕابردووی كارەكە وەردرگیرێ.

٢ – (بـ) وەك پێشگر دەخرێتە سەر ڕەگەكە.

٣ – ئەگەر ڕەگەكە بە دەنگێكی وەستاو Consonant كۆتایی هاتبێ (ـە) ی وەك پاشگر دەخرێتە سەر.

لە گەڵ كۆدا یەكسەر (ن) دەخرێتە سەر ڕەگەكە ، چ بە (بزوێن) چ بە (وەستاو) كۆتایی هاتبێ.

بـ + ەگی داهاتوو

بـ ـ شۆ / بـ ـ دە / بـ ـ لێ.

كە ڕەگ بە وەستاو كۆتایی هاتبێ و بكەر تاك بێ (ـە) ی وەك پاشگی دەخرێتە سەر:

{بـ + ەگی داهاتوو + ـە}

خوێندن : ڕەگە داهاتووەكەی (خوێن) ـە .. بە (ن) كۆتایی دێت.

بت + خوێن + ـە / بخوێنە

بـ + ەگی داهاتوو + ن : (لە كۆدا)

بشۆن / بنووسن

| چاووگ | ڕەگ | + ( بـ) | + (ـە) / تاك | + (ن) / كۆ | نەرێ |
|---|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووس | بـ + نووس | بـ +نووس + ـە<br>مە + نووس + ـە | بـ + نووس + ن<br>مە + نووس + ن | بنووسن<br>مەنووسن |
| كردن | كە | بـ + كە | ب + كە + (×) | بـ + كە + ن<br>مە + كە + ن | بكەن<br>مەكەن |
| وەرگێڕان | وەر – گێڕ | وەر (بـ) گێڕ | وەر (بـ) گێڕ + ـە<br>وەر – مە + گێڕ + ـە | وەر (بـ) + گێڕ + ن<br>وەر – مە + گێڕ + ن | وەربگێڕن<br>وەرگێڕن<br>وەرمەگێڕن |
| هەڵگرتن | هەڵ – گر | هەڵ – (بـ) + گر | هەڵ ـ (بـ) + گر +ە<br>هەڵ + مە + گر + ن | هەڵ (بـ) + گر + ن<br>هەڵ – مە + گر + ن | هەڵبگرن<br>هەڵگرن<br>هەڵمەگرن |

(بـ) خراوەتە ناو دوو کەوانەوە . ئەمە ئەوە دەگەیێنیٚ کە ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە لیٚکدراو بوو لە نەریٚدا دەشیٚ لاببریٚ .

ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە لیٚکدراو بوو بە شیٚوەییٚکی گشتی دەشیٚ (بـ) لاببریٚ :

| چاووگ | لەگەڵ (بـ) | بیٚ (بـ) |
|---|---|---|
| ڕا ـ گرتن | ڕا ـ بـ ـ گر ـ ـە/ ن | ڕاگرە / ڕاگرن |
| وەر ـ گیٚڕان | وەر ـ بـ ـ گیٚڕ ـ ـە/ن | وەرگیٚڕە / وەرگیٚڕن |

٦ – ئەگەر کارەکە لیٚکدراو بوو لە (نەریٚ) دا ئامرازی (مە) جیٚی (بـ) دەگریٚ . لە نەریٚ دا (بـ) هەرگیز دەرناکەویٚ.

# تێپەڕو تێنە پەڕ[٨]

کار دوو جۆرە : (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ). لە زمانی کوردیدا تێنەپەڕەکان بە دوو جۆر یاسا دەکرێن بە تێپەڕ.

أ ـ به یاسای مۆڕفۆلۆجی

ب ـ به یاسای سینتاکسی

**یەکەم — یاسا مۆڕفۆلۆجییەکانی کردنی تێنەپەڕ بە تێپەڕ:**

١ — ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێ.

٢ — بۆ کاتی داهاتوو (ـ ێن) و بۆ کاتی رابردوو (ـ اند) ی دەخرێتە سەر.

ێن —— بۆ داهاتوو

{ ڕەگی داهاتوو + }

اند —— بۆ ڕابردوو

| چاووگی تێنەپەڕ | ڕەگی داهاتووی کارەکەی | تێپەڕی داهاتووی | تێپەڕی ڕابردووی |
|---|---|---|---|
| خەوتن | خەو | خەو ـ ێن | خەو ـ اند |
| بارین | بار | بار — ێن | بار — اند |
| وەرین | وەر | وەر — ێن | وەر — اند |
| گەیشتن | گە | گە — (یـ) ێن | گە — (یـ) اند |

کارە تێنەپەڕەکان لە ڕووی بوونیان بە تێپەڕ دەبن بە چوار بەش:

١ — بەشێ کە زۆربەیان دەگرێتەوە ، بە هۆی ئەو یاسایانەی سەرەوە دەکرێنە تێپەڕ.

٢ ــ بەشێ تێپەڕی ڕەسەنی بەرانبەریان هەیە . ئەمانە بە یاساکان ناکرێن بە تێپەڕ. وەك:

کەوتن ــ خستن

هاتن ــ هێنان

بوون ــ کردن

٣ – بەشێ تێپەڕی ڕەسەنی بەرانبەریان هەیە و بە یاساکان دەکرێن بە تێپەڕ . ئەمانە لە ڕووی واتاوە جیاوازی پێشان دەدەن وەك (مردن) کە (کوشتن) ی بەرامبەری هەیە و دەکرێ بە تێپەڕ .

مردن ــ مراندن

قالە مرد ــ ( مردووە و تەواو بووە).

قالە خۆی مراند ــ (نەمردووە و خۆی وا دەردەخات کە مردووە).

٤ – بەشێ ناکرێن بە تێپەڕ ، وەك :

گەنین – زان – پشکووتن – زەڕین

## بە تێپەڕ کردنی کارە لێکدراوەکان

١ ــ زۆربەی ئەو تێنەپەڕانەی بە کاری بوون دادەڕێژرێن ، بە گۆڕینی (بوون) بە (کردن) دەبن بە تێپەڕ :

ئاسان بوون ــ ئاسان کردن

دیل بوون ــ دیل کردن

دەر بە دەر بوون ــ دەر بە دەر کردن

٢ – بەشێ لە چاووگە تێنەپەرە لێکدراوەکان بە هەمان یاسای بەشی (١) دەکرێن بە تێپەڕ :

تێگەیشتن ـ تێگەیاندن

هەڵوەرین ـ هەڵوەراندن

ڕاپەڕین ـ راپەڕاندن

ڕاهاتن ـ راهێنان

هەڵکەوتن ـ هەڵخستن

٣ ـ بەشێ دەکرێن بە تێنەپەڕ بە گۆڕینی کارەکە بە کارێکی تر :

بەربوون ـ بەردان

تووش بوون ـ تووش کردن

غەم خواردن ـ غەم دان

گڕتێبەربوون ـ گڕتێبەردان

٤ ـ بەشێ لە کارە تێنەپەڕە لێکدراوەکان ((کە لە بیناغدا بە کاری تێپەڕ داڕێژراون) کە دەکرێن بە تێپەڕ ، کارەکەو ئەوەی لەگەڵیشیدایە بە هی تر دەگۆڕێن:

سەیر کردن – پێشان دان

٥ ـ کاری لێکدراوی وا هەیە هەم تێپەڕە و هەم تێنەپەڕ وەك (لادان).

**دووەم : یاسا سینتاکسییەکانی کردنی تێنەپەڕ بە تێپەڕ:**

بۆ ئەم لایەنە لە زمانی کوردیدا چەن یاسا و فۆڕمێکی سینتاکسی دەست نیشان دەکرێت:

١ ـ { بە + (چاوگ) + دان }

بە کۆشتن دان / بە گرتن دان

٢ ـ {(بکەر) + وا + لە + (ناو) + (کرد/ دەکات) ... + (ئیستای خۆزگەیی سادە).

ئازاد وای لە ڕزگار کرد بخەوێ. (ئازاد ڕزگاری خەواند).

ئازاد وا لە ڕزگار دەکات بخەوێ.(ئازاد ڕزگار دەخەوێنێت).

## کاری بکەر نادیار[٩]

هەنگاوەکانی گواستنەوەی ڕستەیێکی کار بکەر دیار بۆ بکەر نادیار ئەمانەن:

١ ـ بکەری ڕستە و ڕاناوی لکاوی بکەری لا دەبرێن.


٢ ـ بەرکار جێی بکەر دەگرێ

٣ ـ ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێ. . ئامرازی نەرێ و نیشانەکانی جۆری کات و پێشگر و پاشگرە مۆرفۆلۆجییەکان هەر لە شوێنی خۆیان دەمینن و دەسکاری ناکرێن. (مەبەست لە نیشانەی جۆری کات (دە)ی بەردەوامی و (بـ) ی مەرجی و خۆزگەیی و (بوو) ی تەواوی و (وو — ە) ی کاتی ئیستای تەواوە).

٤ ـ نیشانەی بکەرنادیاری (ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

٥ ـ نیشانەی کات (ا) بۆ ڕابردوو و (ێ) بۆ داهاتوو دەخرێتـە دوای (ر) ی نادیاری.

٦ ـ ڕاناوێکی لکاو بە پێی کەس و ژمارەی بەرکارکە کە جێی بکەری گرتووە دەچێتە سەر کارەکە ، وەك تێنەپەڕ خۆی دەنوێنێ.



لە ڕستەی:

**ئەوان ئێمە — یان نە بینیبوو**

(ئەوان) ـ بکەرە

(ئێمە) ـ بەرکارە

(یان) ـ ڕاناوی لکاوی بکەرییە

(نە) ـ ئامرازی نەرێیە

(بین) ـ ڕەگی داهاتووی (بینین)ە

(یـ) ـ نیشانەی کاتی رابردووە

(بوو) ـ نیشانەی جۆری کاتە (ئەسپێکت) ، (ڕابردووی تەواو)

بۆ گوێزانەوەی ئەم ڕستەیە بۆ بکەر نادیار بە پێی هەنگاوەکان:

١ ـ بکەر (ئەوان) و (یان) ی راناوی لکاو لادەبرێن ، .

٢ ـ بەرکار (ئێمە) جێی بکەر دەگرێ. و ئامرازی نەرێ و نیشانەکانی جۆری کات لەجێی خۆیان دەمینن.

**ئێمە نەبینیبوو**

٣ ـ ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێ — لێرە (بین) ـە

**ئێمە نە ـ بین ـ بوو**

٤ ـ نیشانەی بکەر نادیاری (ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

**ئێمە نە ـ بین ـ ر ـ بوو**

٥ — نیشانەی کات دەخرێتە سەر (ر) ی نادیاری . کاتی کاری ڕستەکە ڕابردووە (ا) ی دەخرێتە سەر.

**ئێمە نە ـ بین ـ ر ـ ا ـ بوو**

٦ — راناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی بکەرەکە دەخرێتە سەر کارەکە. کاری بکەر نادیار وەك تێنەپەڕ خۆی دەنوێنێ ، ڕاناوی لکاو لە بدەستەی (٢) وەردەگرێ. بکەر لە کەسی یەکەمی کۆدایە . راناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی دەستەی (٢) (ین) ـە . ڕستەکە دەبێتە:

**ئێمە نە ـ بین ـ ر ـ ا ـ بوو ـ ین** . (نەبینرابووین).

__تێبینی :__

ا — بە گوێرەی خاڵی سێیەم هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەوێ . بکەرنادیاریان بە ڕەگی ڕابردوو وەردەگیرێ کە ئەمانەن:

| بکەر نادیار | ڕەگی ڕابردوو | ڕەگی داهاتوو | چاووگ |
|---|---|---|---|
| ویسترا / دەویسترێ | ویست | ەوێ | ویستن |
| وترا / دەوترێ | وت | ڵێ | وتن |
| گوترا / دەگوترێ | گوت | ڵێ | گوتن |
| لێسترا / دەلێسترێ | لێست | لێس | لێستن |
| بیسترا / دەبیسترێ | بیست | بیست | بیستن |

ب ـ بە گوێرەی خاڵی چوارەم لـە ئـەنجامی ڕوو بـە ڕوو کردنـی مۆرفۆلـۆجی دەردەکەوێ کە (ر) ئامرازی بکەر نادیارییە نەك (را — رێ) وەك لە:

دە ـ دز ـ ر ـ ێ ـ ن

دە ـ دز ـ ر ـ ا ـ ن

تێیاندا (ا) و (ێ) کاتەکانیان دەست نیشان کرد. بەشەکانی تر هەر یەکە ئەرکی تایبەتیی خۆی هەیە. (دە) ئامرازی بەردەوامییە ، (دز) ڕەگی کارە ، (ین) ڕاناوی ڕێکەوتنە. مایەوە (ر) کە دەبێ نیشانەی نادیاری بێ.

جـ ـ بە گوێرەی خاڵی پێنجەم ، ئەوەی کارەکەی لە داهـاتووەوە کـرد بـە ڕابـردوو جـێگیر کردنـی (ێ) بـە (ا) بـوو. ئەمانـە لـە زۆر شـوێنی تـردا لـە زمـانی کوردیدا وەك نیشانەی کات دەردەکەون.

د ـ بە گوێرەی خاڵی چوارەم :

ئەگـەر ڕەگـی داهـاتووی کـار بـە (ـە) یـا (ێ) کۆتـایی هـاتبێ ، کـە (ر) ی نادیاریی دەچێتە سە ر ، (ـە) و (ێ) دەتوێنەوە.

١ ـ ئەگەر ڕەگ بە (ـە) کۆتایی هاتبێ ، بە خستنە سەری (ر) ی بکەر نادیاری ، (ـە) دەتوێتەوە:

| چاووگ | ڕەگی داهاتوو | + ئامرازی بکەرنادیار | |
|---|---|---|---|
| بردن | به | بـ + را/ رێ | برا / ده برێ |
| دان | ده | د + را / رێ | درا / ده درێ |
| نان | نێ | ن ــ را / رێ | نرا / دەنرێ |

٢ ــ ئەگەر ڕەگەکە به (ۆ) کۆتایی هاتبێ (ۆ) که دەبێته (و u) ی بزوێن :

| چاووگ | ڕەگی داهاتوو | + ئامرازی بکەرنادیار | |
|---|---|---|---|
| خواردن | خۆ | خو + را/ رێ | خورا / خورێ |
| شوشتن | شۆ | شو + را / رێ | شورا / شورێ |

٣ ــ (i) ی گرتن دەبێته (یـ):

| چاووگ | ڕەگی داهاتوو | + ئامرازی بکەرنادیار | |
|---|---|---|---|
| گرتن | گر | گیر + را/ رێ | گیرا / گیرێ |

لێرەدا دوو (ڕ) به یاسای توانەوه لەناو یێکتردا بوون به یەك (ڕ).

## گۆڕانی ڕاناو لە بکەر نادیاردا

لە دارِشتەی مۆڕفۆسینتاکسیدا ، ئەگەر کاتی کاری ڕستەکە لـە داهـاتوودا بێ و (بەرکار) ـەکەی بە ڕاناوی لکاو دەربڕابێ ، ئەوە ڕانـاوە لکاوەکـە سـەر بـە دەستەی (م ــ ت ــ ی ــ مان ــ تان ــ یان) دەبێ وەك لە:

ا ــ تۆ دە ــ یان ــ ناس ــ یت

ب ــ ئەوان دە ــ ت ــ نێر ــ ن

لە (ا) دا ( یان) و لە (ب) دا (ت ) بەرکارن.

بە گواستنەوەی کاری ئەم جۆرە ڕستەیە بۆ بکەر بکەر نادیار ، ئـەو ڕانـاوە لکاوەی تیایا دەوری بەرکاری دەبینێ و جێی بکەر دەگرێ دەگـۆڕێ بـە ڕانـاوی بەرامبەری سەر بە دەستەی ( م ــ یت ــ ێت ــ ین ــ ن ــ ن ) و جێـی خۆی دەگۆڕێ و دەچێتە سەر ڕەگی کارەکە . واتا:

| دەستەی (١) | دەبێتە | دەستەی (٢) |
|---|---|---|
| م | ← | م |
| ت | | یت / ی |
| ی | | ێت / ێ |
| مان | | ین |
| تان | | ن |
| یان | | ن |

گـەر کـاری ئـەو ڕسـتەیەی سـەرەوە بگوێزرێتـە بکـەر نادیـار ، بـە پێـی هەنگاوەکانی گوێزانەوەی بکەردیار بۆ بکەر نادیار.

**دە ــ یان ــ ناس ــ یت**

١ ــ بکەرکە (یت) ە لادەبرێ .

**دە – یان – ناس**

٢ ــ ڕەگی داهـاتووی  کارەکـە وەردەگـیرێ  ، (نـاس)، وەك خـۆی دەمینـێ
چونکە کارەکە خۆی لە کاتی داهاتوودایە.

٣ ــ (ر) ی نیشانەی نادیاری   دەچێتە سەر.

٤ ــ  کاتەکە داهاتووە ،  (ێ) ی نیشانەی کاتی داهاتوو ی دەچێتە سەر.

٥ ــ بەرکار (یان) ە  ، دەگۆڕرێ بە ڕانـاوی لکـاوی بەرامبـەری  دەسـتەکەی
تر کە (ن) ە . بە پێی یاساکانی شوێنی ڕاناوی لکـاو  ، دەچـێتە سـەر ڕەگەکـە و
ڕستەکە دەبێتە:

**دە - ناس - ر ــ ێ ــ ن . ( دەناسرێن)**

# کاری هەوەس[١٠]

هەوەس Mood ئەو بەشەی فرێزی کاریە کە توانین و ئەگەری و شیان و خۆزگەیی ... ڕوودان و ڕوونەدانی کاری رستەکە دەردەبڕێ. بە ڕستەیێکی تێهەڵکێش کراو لە ناو چوارچیوەی فرێزی کاریدا دەردەکەوێ. کات و ئەسپێکتی کاری رستە سەرەکییەکە دەچنە ناو کاری هەوەس و کارە سەرەکییەکەی رستەکە خۆی بە قاڵبی خۆزگەیی subjunctive دەردەخا .

ئێمە دەڕۆین ——— ئێمە دەتوانین بڕۆین.

ئەوان بڕۆیشتنایە ——— ئەوان دەبوایە بڕۆن

ئێوە راتان دەکرد ——— ئێوە دەتانتوانی ڕا بکەن

من دەڕۆم ——— من لەوانەیە بڕۆم

ئەو لادەبرێ ——— ئەو دەشێ لابرێ

## کار لە ڕستەی مەرجیدا[11]

ڕستەی مەرجی رستەییکی لێکدراوە لە دوو ڕستەی سادە پێك دێت . دەستەییك یاسا سروشت و هاو دەرکەوتنی کات و جۆری کاری ئەم دوو ڕستەیە دەست نیشان دەکەن. بەلای کەمی ئەم شەش یاسایە دەست نیشان دەکرێن

یاسا (١)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | ڕستەی مەرج | ڕستەی وەڵام |
|---|---|---|---|
| ڕابردووی سادە | داهاتووی سادە | ئەگەر هات نەهات | من دەردەچم / دەرناچم |
| | داخوازی | | تۆ بڕۆ / مەڕۆ |
| | مەرجیی سادەی داهاتوو | | چاوەڕێم بکات / نەکات |

یاسا (٢)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | | |
|---|---|---|---|
| داهاتووی سادە | داهاتووی سادە | ئەگەر دە خەویت نا خەویت | من دەردەچم / دەرناچم |
| | داخوازی | | دەرگاکە داخە / دامەخە |

یاسا (٣)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | | |
|---|---|---|---|
| ڕابردووی مەرجیی تەواو | ڕابردووی بەردەوام | ئەگەر بهاتایە / نەهاتایە | **پێم دەگوت (نە) دەگوت** |

یاسا (٤)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | | |
|---|---|---|---|
| ڕابردووی بەردەوام | ڕابردووی بەردەوام | ئەگەر دەهات | دەمزانی چیم پێ دەگوت |

یاسا (٥)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | | |
|---|---|---|---|
| مەرجیی داهاتووی سادە | داهاتووی سادە | ئەگەر (نە) خەوتبێ | وازی لێ دەهێنم / ناهێنم |
| | داخوازی | | بە ئاگای بکەرەوە / مەکەرەوە |

یاسا (٦)

| کاتی کاری مەرج | کاتی کاری وەڵام | | |
|---|---|---|---|
| داهاتووی مەرجیی سادە | داهاتووی سادە | ئەگەر بێت | من دەردەچم / دەرناچم |
| | داخوازی | نەیێت | لێی وازی لێ مەهێنە |

## کار و پاشبەند[١٢]

### ١ ـ پاشبەندی (ـە)

ئەو پێشبەندانەی کە لە گەڵ ئەو جۆرە کارانەدا دەردەکەون کە چەمکی گوێزانەوە دەگەیێنن وەك (چوون – دان – ناردن – هاتن ... هتد) . دەشێ پێشبەندەکە بە پاشبەندی (ـە) جێگیر بکرێ . پاشبەندەکە وەك پاشگر بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ:

ئەوان هاتن (بۆ) ئەوێ ——— ئەوان (هاتن - (ـە) ئەوێ.

ئێوە داتان (بە) ئەو ——— ئێوە داتان - (ـە) ئەو.

من ناردم (بۆ) لای ئێوە ——— من ناردم - (ـە) لای ئێوە.

گەر کاتی کارەکە لە ئیستەی تەواودا بوو Present Perfect پاشبەندی (ـە) قاڵبی (تە) دەگرێتە خۆ:

ئێمە هێناومانە بۆ ئێرە ——— ئێمە هێناومانەتە ئێرە

من ناردوومە بۆ سلێمانی ——— من ناردوومەتە سلێمانی

ئەگەر ڕەگی رابردووی کارەکە بە وەستاو کۆتایی هاتبێ ، بە نەمانی ڕاناوی لکاو لە گەڵ ڕەگی کارەکەدا (وو) دەبێتە (ۆ) و (ـە) دەتوێتەوە.

ئەوان ناردوویانە بۆ ئێرە

ئەوان ناردوویانەتە ئێرە

ئەوان ئازادیان (نارد ــ وو ــ ـە) ئێرە.

ئەوان ئازادیان (ناردۆتە) ئێرە

هەمان شت گەر کارەکە تێنەپەڕ بێ و بکەری ڕستەکە لـە کەسـی سـێیەمی تاکدا بێ ، (وو) دەبێتە (ۆ) و (ـە) دەتوێتەوە. چونکە کەسی سێیەمی تاك بۆ تێپەڕی رابردوو هیچ نیشانەییێکی نیەیە.

ئەو چووە بۆ کتێبخانە.

ئەو (چوو ـ وە ـ تە) کتێبخانە.

ئەو (چۆتە) کتێبخانە.

کـار هەیـە وەك (خسـتن – کـەوتن ..) تـەنیا بـە هـۆی پاشـبەندەوە ئـەم حاڵەتە دەردەبڕن و بێشبەندی بەرانبەریان نییە. وەك:

خستمە ناو دۆڵابەکە


کەوتمە نزیك تۆ

## ٢ ـ پاشبەندی (ێ)

لە گەڵ کاری (دان – گەیشتن ....) دا ئەگەر ئەگـەر ئـەو نـاوە یـا ڕانـاوە جودایەی دوای پێشبەندی (بە) بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر کرا ، پێشـبەندی (بـە) دەبێتە پاشبەندی (ێ) و وەك پاشگر بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ.

من کتبێبەکەم بە تۆ دا / من کتێبەکەم دایتێ

تۆ گوڵەکە بدە بە من




تۆ گوڵەکەم بدە (یـ) ێ

تۆ گوڵەکەم بدە (یـ) ێ

دوو بزوێنی (ـە) و (ێ) کەتنە پاڵ یەك (یـ) لە نێوانیانا دەرکەوت لە هەندێ شێوەدا لە جیاتی ئەم (یـ) یە (ر) دەردەکەوێ.

تۆ گوڵەکە بدە بە من

م ێ

تۆ گوڵەکەم بدە (ر) ێ

جاری واش هەیە (ـە) دەتوێتەوە:

پێنووسەکە بدە بە ئەو ـــ پێنووسەکەی (بدێ).

لە داخوازیی کۆدا (ن) لە نێوان (ـە) و (ێ) دا دەردەکەوێ . لەم حاڵەتەدا پێویست بەم (یـ) و (ر) یە ناکات:

ئێوە کتێبەکە بدەن بە من

م ێ

ئێوە کتێبەکەم بدەنێ

ئێوە کتێبەکەم بدە نێ

## نەرێی کار[١٣]

بۆ ( نەیاندن) ی کار لە زمانی کوردیدا چوار ئامراز هەن. دەرکەتنی هەر یەکە بەندە بە سروشتی کار و کاتەکەی . وەك لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| ئامرازەکانی نەرێ | دەردەکەوێ لەگەڵ : | نموونە |
|---|---|---|
| نە | ڕەگی رابردوو و ڕابردووی بکەر نادیار | نەچوو – نەیشکاندایە / نەخەوتووە نەبینران ـ نەخورا |
| | (نەهی) و مەرجی و خۆزگەیی سادەی داهاتوو | نەکەن بیبەن – (ئەگەر) نەخوێنم / نەچێت |
| نا | کاتی داهاتوو | ناچین – ناشۆیت ناشوورێ – ناخورێ |
| مە | داخوازی | مەکەن – مەڕۆ |
| نی | کاری بوونی کاتی ئیستا | نەخۆش (نی) یە – ئازا (نی) ن |

**تێبینی:**

١ – ئامرازی نەرێ هەمیشە وەك پێشگر بە ڕەگی کارەوە دەلکێ تەنیا لەگەڵ کاتی ڕابردووی بەردەوامدا نەبێ پێش ئامرازی(دە) ی بەردەوامی دەکەوێ:

نەخەوت / نە ـ دە ـ خەوت

وەر ـ یان ـ دەگرت / وەر ـ یان ـ (نە) ـ دە ـ گرت

٢ – ئامرازی نەرێ جێی (بـ) ی نیشانەی مەرجی و داخوازی و (دە) ی بەردەوامیی کاتی داهاتوو دەگرێ :

بـ ـ خۆم / نە ـ خۆم

بـ ـ ڕۆ / مە ـ ڕۆ

دە ـ نووسم / نا ـ نووسم

هەڵ ـ دە ـ گرم / هەڵ ـ نا ـ گرم

# چەند کارێکی تایبەتی

## ١ ـ ویستن[١٤]

لە زمانی کوردیدا دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەیە. لەگەڵ کاری تێپەڕدا هەردوو دەستە ئەرکی بکەری و بەرکاری دەبینن بە پێی ئەم خشتەیە:

| | بکەر | بەرکار |
|---|---|---|
| ڕابردوو | ١ | ٢ |
| داهاتوو | ٢ | ١ |

کاری لە (ویستن) ـەوە وەرگیراو لە یاسا گشتییە لادەدات. لە ڕابردوو و داهاتوودا دەستەی (١) ئەرکی بکەری و دەستەی (٢) ئەرکی بەرکاری دەبینن:

| | بکەر | بەرکار |
|---|---|---|
| ڕابردوو | ١ | ٢ |
| داهاتوو | ١ | ٢ |

ئێمە خۆش ـ (مان) دەوێ ـ (یت)

ئێمە خۆش ـ (مان) دەویست ـ (یت)

| داهاتوو | | | | | ڕابردوو | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بکەر ١ | ڕەگی داهاتوو | بەرکار ٢ | | ڕەگی ڕابردوو | بکەر ١ | بەرکار ٢ |
| | م | | یت | | | م | یت |
| | ت | | ێت | | | ت | ێت |
| | ی | | ین | | | ی | ین |
| ده | مان | ـەوێ | ن | | ویست | مان | ن |
| | تان | | ن | | | تان | ن |
| | یان | | م | | | یان | م |

بکەر نادیاری کاری لە ویستنەوە وەرگیراو بە ڕەگی ڕابردوو دادەڕێژرێت.

ویسترا / دەویسترێ

**٢ ـ کردن**

ا ـ کەرەسەی بەکارکردنی ئاوەڵناو و ناوە. دەچێتە سەر زۆربەی ئاوەڵناوەکان و دەیانکات بە کاری تێپەڕ:

ئاسان کردن ـ بێزارکردن ـ جوان کردن

ب ـ کەرەسەی بەکارکردنی ناوە دەچێتە سەر هەندێ ناو و دەیانکات بە کار:

یاری کردن ـ درۆینە کردن ـ باس کردن ـ درۆ کردن

**٣ ـ بوون** (١٥)

لە کارە ناوێزەکانە ڕەگی (ڕابردوو و ئیستاو ئایندە)ی هەیە:

ا ـ ئەرکی کاتهەڵگر دەبینێت لە ڕستەی جووتێنراودا (ناوی) **Copulative** :

| کات | ڕەگ | |
|---|---|---|
| ئیستا | ـە | ئەو دڵخۆش ـ ـە |
| ڕابردوو | بوو | ئەو دڵخۆش ـ بوو |
| ئایندە (داهاتوو) | بـ | ئەو دڵخۆش دە ـ بـ ـ ێت. |

ب ـ نیشانەی ئەسپێکتی کاتی ڕابردووی تەواوە:

ئەوان (خەوت ـ بوو) ـ ن

پ ـ کە پێشگری (هە) ی دەچێتەسەر (هەبوون) ، . لەگەڵ دەستەڕاناوی (١) واتاو ئەرکی هەیی دەگەیێنێ. لەگەڵ دەستەڕاناوی (٢) واتاو ئەرکی (وجود) Existential دەگەیێنێ.

| | هەیی | | | بوون | |
|---|---|---|---|---|---|
| من | | م | | | م |
| تۆ | | ت | | | یت |
| ئەو | هە | ي | ــە | هە | (یـ) ـە |
| ئێمە | | مان | | | ین |
| ئێوە | | تان | | | ن |
| ئەوان | | یان | | | ن |

لە ئەركی هەییدا لەگەڵ كەسی سێی تاكدا (تی) دەردەكەوێ (ئەو هەیە (تی) ـ هەییێتی).

ت ـ كەرەسەی بەكاركردنی ئاوەڵناوە: دەچێتە سەر زۆربەی ئاوەڵناوەكان و دەیانكات بە كاری تێنەپەڕ:

دڵخۆش بوون ـ مەست بوون ـ ئاوارە بوون ـ وشیار بوونەوە ـ

# مۆڕفیمە گەردانییەکانی کار

مۆڕفیمە گەردانییەکانی کار لەم خشتەیەدا کۆکراونەتەوە:

| نیشانە و ئامراز | ئەرك | نموونە |
|---|---|---|
| دە ــ | بەردەوامی | (دە) خەوین / (دە) خەوتین |
| بوو ــ | تەواو | هات ــ (بوو) ــ ین |
| وو ــ ـە | ئیستای تەواو | هات ــ (وو ـ ـە) |
| ــ ـە | پاشبەندی (بۆ ــ بە) | ناردم بۆ لای ئێوە/ ناردم ـ (ـە)...<br>دەدات بە ئێوە / دەدات ــ (ـە) ... |
| ــ ـە | ئەسپێکتی تێکەتنی | کەوتوومەتـ ـ (ـە) خوێندن |
| ــ ـە | داخوازیی تاك | بـ ــ نووس ــ (ـە) |
| بـ ــ | داخوازی | (بـ) ـ خوێنە |
| | مەرجی | (بـ) ـ خوێنێت |
| ــ ر | بکەر نادیاری | بین ـ (ر) ـ ا ـ ین |
| بـ ــ ایە | مەرجیی ڕابردووی تەواو | (بـ) ـ خەوت ــ ین ــ (ایە) |
| ــ یٚ | کاتی داهاتوو | دە ـ بین ــ ر ــ (یٚ) ـ ن |
| ـ ا | کاتی ڕابردوو | دە ـ بین ـ ر ـ (ا) ـ ن |
| ــ وو | | دە ـ چ ـ ین/ دە ـ چـ ـ (وو) ـ ین |
| ــ ت | | دە ـ خەو ـ ن / دە ـ خەو ـ ت ـ ن |
| ــ د | | دە ـ مر ـ ن / دە ـ مر ـ (د) ـ ن |
| ــ ی | | دە ـ فڕ ـ م / دە ـ فڕ ـ (یـ) ـ م |
| اند | بە تێپەڕکردن بۆڕابردوو | سووت ــ (اند) ــ یان |
| | بەکارکردنی دەنگەناو بۆ ڕابردوو | قیژ ــ (اند) ــ ت |
| ێن | بە تێپەڕکردن بۆ داهاتوو | دەسووت ـ (ێن) ــ ێت |
| | بەکارکردنی دەنگەناو بۆ داهاتوو | دەچریك ــ (ێن) ــ یت |

| | | |
|---|---|---|
| نا | نەرێ بۆ كاتی داهاتووی سادە و بەردەوام | دە ـ نووسێت / (نا) ـ نووسێت |
| نە | نەرێی ڕەگی ڕابردوو | (نە) ــ ڕۆیشتین |
| | نەرێی كاری مەرجی | (نە) ـ چن |
| مە | نەرێی داخوازی | بشۆ / (مە) ـ شۆ |
| نیـ | نەرێی كاری بوونی كات ئیستا | ئازایە / ئازا ـ (نی) ـ ــە |
| ــ یٚ | پاشبەندی (بە) | دامان بە ئەو / دامان ـ یٚ |
| ڕاناوە لكاوەكان | م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان<br>م ـ یت ـ X / ێت / ات ـ ین ـ ن<br>- ن | |
| ـەتی | كەسی سێیەمی تاكی ئیستای تەواوی تێپەڕ | برد ـ وو ـ ی ـ (ـەتی) |

# بەشی دووەم

# پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی کار

# پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی کار

کار لە چاوگەوە وەردەگیرێت .. ژمارەی چا وگە سادە و ڕەسەنەکانی وەك (کردن ـ هاتن ـ بوون ـ نووسین......) زۆر نین . هەر لەم ژمارە کەمە سنووردارەوە سەدان و هەزاران چاووگ و کاری تریان پێ دادەڕێژرێ بەهۆی پێشگر و پاشگر و ناو و ئاوەڵناو و... هتد. و بە پێی ئەم یاسایانە:

| | یاساکانی دارشتنی چاووگی لێکدراو | نموونە |
|---|---|---|
| ١ | پێشگر + چاووگ | هەڵ ـ هاتن / هەڵاتن |
| ٢ | چاووگ + پاشگر | بردن ـ ەوە / بردنەوە |
| ٣ | ناو + چاووگ | بیر ـ کردن / بیر کردن |
| ٤ | ئاوەڵناو + چاووگ | پڕ ـ کردن / پڕکردن |
| ٥ | پێشبەند + چاووگ | لێ ـ کردن / لێکردن |
| ٦ | پێشگر + چاووگ + پاشگر | هەڵ ـ دان ـ ەوە / هەڵدانەوە |
| ٧ | ناو + چاووگ + پاشگر | بیر ـ کردن ـ ەوە / بیرکردنەوە |
| ٨ | پێشبەند + ناو + چاووگ + پاشگر | لە + یەك + دان + ەوە / لێکدانەوە |
| ٩ | ئاوەڵناو + چاووگ + پاشگر | ڕوون ـ کردن ـ ەوە / ڕوونکردنەوە |
| ١٠ | پێشبەند + ناو + چاووگ | بە ـ سك ـ دان / بەسکدان |
| ١١ | پێشبەند + پێشگر + چاووگ | تێ ـ بەر ـ دان / تێبەردان |
| ١٢ | پێشگر + پێشبەند + پێشگر + چاووگ | دەر ـ بە ـ دەر ـ بوون / دەربەدەربوون |
| ١٣ | پێشبەند + چاووگ | لێ ـ دان / لێدان |
| ١٤ | پێشبەند + ناو + چاووگ | لە ـ بیر ـ کردن / لەبیرکردن |
| ١٥ | ناوی سروستی + اندن | چریکە ـ اندن / چریکاندن |
| ١٦ | ڕەگی تێنەپەڕ + اندن | ترس ـ اندن / ترساندن |
| ١٧ | بە دارشتەی بکەر نادیار | مانگ گیران / کوتران |
| ١٨ | ناو + ناو + بوون | لەت ـ لەت ـ بوون / لەت لەت کردن |

له مۆرفیمه مۆرفۆلۆجیه باوەکان:

| | |
|---|---|
| بەر ــ | بەر ـ دان / بەر ــ بوون |
| تێ ــ | تێ ــ چوون / تێ ـ بەردان |
| دا ــ | دا ـ مرکان / دا ــ نیشتن |
| دەر ــ | دەر ـ بڕین / دەر ـ خستن |
| ڕا ـ | ڕا ـ هاتن / ڕا ــ گرتن |
| لێ ــ | لێ ــ دان / لێ ـ خوڕین |
| هەڵ ـ | هەڵ ــ پەڕین / هەڵ ـ بەستن |
| وەر ــ | وەر ــ گرتن / وەر ــ چەرخان |
| ــ ـەوە | خواردن ــ ـەوە / هاتن ــ ـەوە |
| ـ ن | چاند ــ ن / ژیا ــ ن |

# ئەنجام

١ ـ دابەشبوونی مۆرفیمە گەردانی و مۆرفۆلۆجییەکان لە ناو دارشتەی کاردا لـەم خشتەیەدا خراوەتە ڕوو:

| پێشگر | | | پاشگر | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مۆرفۆلۆجی | گەردانی | | کات | گەردانی | **مۆرفۆلۆجی** |
| تێ ـ | دە | | ا | وو ـ ـە | |
| دا ـ | بـ | | ێ | ایە | |
| دەر ـ | نە | | ت | بوو | ـ ـەوە |
| ڕا ـ | نا | | د | ێن | ـ ن |
| لێ ـ | مە | ڕەگ | وو | اند | |
| هەڵ ـ | نیـ | | ی | ێ | |
| وەر ـ | نە | | X | ر | |
| پێ | | | | ـە | |
| | | | | ـەتی | |
| | | | ڕاناوە لکاوەکان | | |

٢ ـ مۆرفیمە گەردانییەکان یەکسەر بەمبەر و ئەوبەری ڕەگەوە دەلکێن..

مۆرفیمـە مۆرفۆلۆجییـەکان بەمبـەر و ئەوبـەری مۆرفیمـە گەردانییەکانـەوە دەلکێن:

| مۆرفیم | | ڕەگ | مۆرفیم | |
|---|---|---|---|---|
| مۆرفۆلۆجی | گەردانی | | گەردانی | مۆرفۆلۆجی |

## پەراوێزەكان

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی  لایەنەكانە سەیر بكەنە:

١ – ل ٤٥ ی

**Waria Omar Amin** (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. University of London – SOAS.

٢ **ـ وریا عمر امین** (٢٠٠٠)  ڕەگی داهاتوو بە یەك یاسا . گ. ڕامان ژ ٤٩ ل ٢٣٣ – ٢٣٤

لە كتێبی  ئاسۆییێكی تری زمانەوانی . چ١(٢٠٠٤) و چ٢ (٢٠٠٩)  –  ئاراس . هەولێر. ل (٣٨١–٣٨٥) دووبارە بڵاو بۆتەوە.

٣ **و ٤ ـ  وریا عمر امین** (١٩٨٣)  ڕێزمانی ڕاناوی لكاو . گ. كاروان ژ ٨ ، ل ٦٨ ـ ٧٤.

٥ **ـــ وریـا عمـر امـین** (١٩٨٦) چـەند یاسـاییێكی مۆرفۆلـۆجیی دارشـتنی فرمـان. گ. ڕۆشنبیری نـوێ. ژ ١٠٩ ، ل ٢٥٨ – ٢٦٤. لـە كتێبـی  ئاسـۆییێكی تـری زمانـەوانی . چ١(٢٠٠٤) و چ٢ (٢٠٠٩)  –  ئاراس . هەولێر. ل(١٩٠–١٩٧) دووبارە بڵاو بۆتەوە.

٦ **ـ وریا عمر امین** ١٩٩٢)  نیشانەكانی كات لە زمانی كوردیدا. گ. كاروان ژ ٩٢ ، ل ٨٨ ـ ٩٢.

لە كتێبی  ئاسۆییێكی تری زمانەوانی . چ١(٢٠٠٤) و چ٢ (٢٠٠٩)  –  ئاراس . هەولێر. ل (١٢٢–١٣١) دووبارە بڵاو بۆتەوە.

٧ – بۆ كاری داخوازی سەیری ل ٢٩ ی ئەم سەرچاوەیە بكە:

**Waria Omar Amin** (1976) Some Fundamemtal Rules of Kurdish Syntax Structure . London University.

٨ ـ  پەراوێز ژ ١ ، ل ١٢٤ – ١٣٤. بكە.

٩ **ـ وریا عمر امین** (١٩٩٢) لە پەیوەندییەكانی بكەر نادیار. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٢٩، ل ١٨ ـ ٣٢.

١٠ ـ  پەراوێز ژ ١ ل ٤٩.

١١ **ـ وریا عمر امین** (١٩٩٨)  مەرج و یاساكانی لە زمانی كوردیدا . گ. كۆڕی زانیـاریی عـێراق. ـ دەسـتەی كـورد. ژ ٢٧ و ٢٨ ل ٢٤١ ـ ٢٤٣. لـە كتێبـی  ئاسـۆییێكی تـری زمانــەوانی . چ١(٢٠٠٤) و چ٢ (٢٠٠٩)  –  ئـاراس . هــەولێر. ل () دووبـارە بـڵاو بۆتەوە.

١٢ ــ **وريا عمر امين** (١٩٨٦) پاشبەندەکان . گ. کۆڕی زانیاریی عێراق ـ دەستەی کورد. ژ ١٥ ل ١٨٢ ـ ١٩٣. لە کتێبی ئاسۆیێکی تری زمانەوانی . چ١(٢٠٠٤) و چ٢ (٢٠٠٩) — دەزگای ئاراس . هەولێر. ل (٣٨–٤٥) دووبارە بڵاو بۆتەوە.

١٣ ــ **وریا عمر امین** (١٩٨٣) نەرێ لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٢٣٨ ی ١٩٨٣/٦/٨ . و ل ٥٣ ی پەراوێز ، ژ ١

١٤ ــ **وریا عمر امین** (١٩٩٩) (ێت) ی شێوێنەر . گ. ڕامان ژ ٣٩ ، ل ٢٣٤ — ٢٣٥.

١٥ ــ پەراوێز ژ١ (ل٩٧–١٠٨) .

## سەرچاوەکان


**ئەورەحمانی حاجی مارف** (٢٠٠٠) ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم .(وشەسازی) . بەشی پێنجەم (کردار) . سلێمانی.

**قەناتی کوردۆ** (١٩٧٨) دەستووری زمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی ژوورووو و خوارووودا . مۆسکۆ (بە زمانی رووسی).

**لیژنەی زمان و زانستەکانی** ( ١٩٧٦) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی . کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**نوری علی امین** (١٩٥٨) قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا . بەرگی دووەم . بەغداد.

------------- (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی . سلێمانی.

**وریا عمر امین** (١٩٨٣) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو . گ. کاروان ژ ٨ ، ل ٦٨ ــ ٧٤.

———١٩٨٣) نەرێ لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٢٣٨ ی ١٩٨٣/٦/٨.

——— (١٩٨٦) پاشبەندەکان . گ. کۆڕی زانیاریی عێراق ـ دەستەی کورد. ژ ١٥ ل ١٨٢ ـ ١٩٣.

——— (١٩٨٦) چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجیی داڕشتنی فرمان. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٠٩ ، ل ٢٥٨ — ٢٦٤.

--------(١٩٩٢) لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٢٩ ، ل ١٨ ـ ٣٢.

———(١٩٩٢) نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا. گ. کاروان ژ ٩٢ ، ل ٨٨ ــ ٩٢.

---------- (١٩٩٨) مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردیدا . گ. کۆڕی زانیاریی عـیراق. ـ دەستەی کورد. ژ ٢٧ و ٢٨ ل ٢٤١ ـ ٢٤٣.

------ (٢٠٠٠) ڕەگی داهاتوو بە یەك یاسا . گ. ڕامان ژ ٤٩ ل ٢٣٣ — ٢٣٤.

------ (٢٠٠٤) ئاسۆییێکی تری زمانەوانی . چ١— دەزگای ئاراس . هەولێر.

**Mackenzie, D. N**.(1961) Kurdish Dialect Studies . London.

**McCarus, E.W**.(1958) A Kurdish Grammar- Discriptive analysis of the Kurdish of Sulaimaniya . New York.

**Waria Omar Amin** (1976) Some Fundamemtal Rules of Kurdish Syntax Structure. London University.

**Waria Omar Amin** (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish . thesis presented to the University of London – SOAS.

# ABSTRACT

## KURDISH VERB GRAMMAR



Dr. Waria Omar Amin
Baghdad University



A verb is the part of speech that describes an action or occurrence or indicates a state of being. It refers to an element which display Morphological contrasts of Tense, Aspect, Mood, Voice, Person and Number.

Verb formation rules and the identification of its syntactic and semantic relations are one of the most complicated arias of the Grammar.

This work is an attempt to demonstrate the general fixed rules of southern Kurdish grammar within a general theoretical framework. It avoids dealing with its controvercial aspects. It consists of two parts:

1 – part one deals with the verb in terms of declenation and inflection.

2 – Part two deals with the Morphololgical aspects of verb formation
.

# KURDISH VERB GRAMMAR

**Dr. Waria Omar Amin**